# بە قسەی کێ د. کەمال کەریم 30 ساڵ حوکمی زیندانی دراوە!؟ ... باوکی ساڤا

ماوەی چەند ڕۆژێکە لەسەر ڕوپەلی ماڵپەرەکان باس لە حوکمێک دەکرێت کەکەس ئاگاداری تەواوی نییە و کەسیش ڕاستیەکەی نازانێت، کەچی لای خەڵک بۆتە مۆدە و هەمووی بە حەق و ناحەق لەسەری دەنوسێت.
ئەوەندەی من ئاگادار بم، کە دڵنیاشم خەڵکانی تریش هەر وەک من ئاگادری ڕاستی ئەو مەسەلەیەن، ئەوەیە، کە گوایە لە سەر زاری خوشکی ناوبراوەوە ئەو هەوالە بڵاو کراوەتەوە.
من لەسەرجەم ئەوانەی چەند ڕۆژێکە لەسەر ئەو بابەتە دەنوسن، دەپرسم:
ئاخۆ کەی ئێمەی کورد فێری ئەوە دەبین، کە لەسەر شتێک بنوسین و قسەی زل بکەین، کە ڕاستی بێت و پشتی بە بنەمایەکی ڕاستی بەستبێت؟ ئەو کەسانە لە خۆیانەوە باس لە حوکمێک دەکەن، کەڕ ەنگە هەر ئەیلی نەبێت و بەڵکە دەستێک و لایەنێک لە پشت بڵاو کردنەوەو گەورە کردن و بازرگانی کردن بەو مەسەلەیەوە بن.
من لەسەر بڵاو کردنەوەو گەورە کردنی ئەو هەواڵە ئەم ڕایەم هەیە:

ئەو هەواڵی حوکم دانە، لەوە دەچێت، هیچ ئەصلێکی نەبێت، تەنیا ئەوە نەبێت، کە هاوکات هەوالەکە دروست کراو هاوکاتیش گەورە کرا. ئامانج لەوە تەنیا ئەوەیە، کە سبەی ڕۆژ ئەو پارتەی کە لەو کێشەیە بەرپرسە، بە وە تاوانبار بکرێت و هاوکات بوترێت، کە بە فشاری خەڵکی لەو حوکمە پەشیمان کراوەتەوە. بە واتایەکی دی، جگە لە حوکمێکی دروست کراو و جگە لە بازرگانی کردن بە و کێشەیەوە چیتر نییە!!

دەکرێت ئەم نوسینەم من بە چەندەها شێوە لێک بدرێتەوە و تەفسیری بۆ بکرێت. بەڵام خەڵک سەربەستە لەوەی کەچۆن بیر دەکاتەوە.

من بەش بە حاڵی خۆم کاتێک دەتوانم لەسەر کێشەیەک بنووسم، کە تەواوی ڕاستیەکەی بزانم، نەک بە چاو لێکەری. نوسین بە بێ پشت بەستن بەڕاستی و بە بێ بونی سەرچاوەی مێدق جگە لە چاولێکەری چیتر نییە. گەر خوشکی ناوبراو ئەو هەواڵەی بڵاو کردبێتەوە، ئەوا من بەش بە حالی خۆم، هیچ پشتی بێ نابستم، چونکە بۆ خوشکی ناوبراو چەندەها دیعایەی تری لەو جۆرە چاوەڕوان دەکرێت، چەنکە ئەو یەک ئامانجی هەیە، کە ئازاد بونی براکەیەتی.

تکام لەسەجەم نوسەر و قەلەم بەدەست ئەوەیە، کە بافێری ئەوەببین، لەسەر شتی وەهمی نەنوسین، وە با بەرانبەر لایەنێک ئەوەندە خۆمان لێ نەبیتە خاون ماف و خۆمان لە لایەنی تر بێ دەنگ بکەین. لێرەدا پرسیارێک لە هەموو ئەوانە دەکەم، کە تا ئێستا لەسەر ناوبراویان نوسیوە، کا ئاخۆ هەمان هەڵوێستان لە بەرانبەر یەکیەتی دەبوو، گەر بەهەمان کار هەڵبسایە؟

من بە دڵنیاییەوە، وەڵام دەدەمەوە، دەڵێم، نەخێر. خەڵکی ئەوەندە دەمیان گەرمەو مەحکومی ئەو کارە دەکەن، تەنها لەبەر ئەوەی کە پارتی پێی هەڵساوە، نەک لە بەرئازادی نوسەر و ئازادی ڕۆژنامە نوسی. من بەش بەحاڵی خۆم هەموو کارەکە جگە لە سیناریۆیەک، کە ئامانجێکی تایبەتی لە پشتەوەیە، بە چیتر نابینم.

تکام لەسەرجەم ماڵپەرە کوردییەکان ئەوەیە، کە بە ئەڵێن و ووتیان قسە نەکەن، بەڵکە لەسەرچاویەکی ڕاستەوە هەواڵەکە بڵاو بکەنەوە. ئەمڕۆ ڕۆژی ئەڵێن و ووتیان نییە، چونکە سەدەم سەدەمی عەولەمەیە. سوپاسی هەر کەسێک دەکەم، کەڕاستیەکمان بۆ بەیان بکات و قێزێشم لە هەر وەڵامێک دێتەوە، کە نوسەری ئەم مەقالەیە بە سەر بە حیزبێک ناوبنرێت، چونکە ماشا و اللە تائێستاش زۆربەی زۆری نوسەرەکانی سایتە کوردییەکان بە و منگقە بیردەکەنەوە.

باوکی ساڤا / ئەڵەمانیا